

شەنگە جەمال“ لەنووسینی هیچ شیعرێکم پەشیمان نیم

لەکردنەوەی ڤیستیڤاڵی ڕێکخراوانی ئازادی لاوانی کوردستان کە ئەمساڵ لەهۆڵی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان بەڕێوەچوو. لەژێر ناونیشانی (با بەهرەکانی لاوان سەربەست بپشکوێ) شەنگە جەمال وەک شاعیرێکی کچ بەشداری لەم ڤیستیڤاڵە کرد. ئێمەش بەپێویستمانزانی بیکەینە میوانی ڕۆژنامەکەمان‌و بۆ زیاتر ناساندنی بە خوێنەران، چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردو ئەمیش وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

پرسیار: لەرێگەی شیعرەوە دەتەوێت چ پەیامێک بگەینیت؟.

وەڵام/ بێ مانایە مرۆڤ بتوانێ لەستوونێکی ئاوا بچووکدا پەیامە گەورەکانی شیعر بەیان بکات ئەو پەیامەی کە لەرێگەی شیعرەوە دەگەیەنرێت، زۆر لەوە فراوانترە کە بتوانی لەچەند دێڕێکدا باسی لێوەبکەی. هەڵبەت منیش پەیام‌و هەستی گەورەم هەیە، بەڵام با لەروحی خۆم دابێت، بە بۆچوونی خۆم گەر هەموو پەیامەکەم دەربڕم ئەو حیکمەت‌و جوانیەی نامێنێ، چونکە لەوانەیە نەتوانم هەقی تەواوی پێبدەم.

پرسیار: گلەیت لەلیژنەی هەڵسەنگاندنی ڤیستیڤاڵ هەبوو؟.

وەڵام/ سەرەتا دەست خۆشی لەرێکخراوی ئازادی لاوان دەکەم کە ساڵانە خزمەت بەلاوان دەکەن‌و دەستیان دەگرن بۆ هەنگاوی نوێ لەژیانی ئەدەبیاندا. بۆ لیژنەی هەڵسەنگاندنیش من وەکو خۆم گلەییم لێیان نەبوو چونکە ئەو دەقانەی ڕۆژانە دەخوێندرانەوە دەقی جوان بوون.

پرسیار: ئایا چیرۆکێک هەیە لەپشت نووسینی شیعرەکانت؟.

وەڵام/ بێگومان نەك چیرۆكێك بەڵكو دەیان چیرۆکی جیاجیا ڕەنگە هەبێ لەژیانمدا، بەڵام شیعرەکانم چیرۆك ناگێڕنەوە بەڵكو ئەحساس دەنووسنەوە.

پرسیار: هیچ شیعرێکت نووسیووە پەشیمانی بەدواوەبێت؟.

وەڵام/ نەخێر پەشیمان نیم لەنووسینی هیچ شیعرێکم. لەسەرەتاییترینیانەوە هەتا تازەترینیان زۆر خۆشەویستن لەلام.

پرسیار: تا ئێستا نامیلکەی شیعریت بەچاپ گەیاندووە؟.

وەڵام/ هەتا ئێستا نامیلکەی شیعریم بەچاپ نەگەیاندووە، بەنیازم لەئایندەیەکی نزیکدا بەچاپیان بگەیەنم.

پرسیار: دوا وتەت چیە؟.

وەڵام/ هیوای سەرکەوتن‌و بەردەوامی بۆ رۆژنامەی ڕۆژی گەل دەخوازم.

ئا- فۆتۆ: ڕۆژگار موحسین

هامەر رادەگیرێ

کۆمپانیای جەنەراڵ مۆتۆرز بەنیازە ئۆتۆمۆبیلی (هامەر) یەکێ لەگەورەترین‌و سەرنجڕاکێشترین جۆرێ ئۆتۆمۆبیلی جیهان رابگرێ. هامەر لەرۆیشتندا زۆرترین بەنزین دەسووتێنێ. ئەمەش بارگرانی دەخاتە ئەستۆی خاوەنەکەی. جاران لەنێو توێژی دەوڵەمەندانی جیهان پێشوازی لێدەکراو خۆشەویست بوو، بەڵام چونکە بازاڕی فرۆشتنی یەکجار کەمبۆتەوە، کۆمپانیاکە لێی بێزارەو بەگۆڕستانی دەسپێرێ.

نرخی دواین مۆدیلی هامەر 130 هەزار دۆلاربوو، سەرمایەداران لەسەرەتاوە لەبەر چۆنیەتی ناوبانگ‌و ئاسوودەیی حەزیان لێدەکرد، بەڵام بۆ هەمووان بۆتە بارگرانی، هەم پانەو رێگە دەگرێ، هەم پێویستی بەگەراجی گەورە هەیە.

لەدواین لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە کە خوازیارانی هامەر بەرەو نەمان دەڕۆن، فرۆشی کەم بۆتەوە، بۆیە دەبێ رابگیرێ‌و چیتر بەرهەم نەهێنرێ.

2006-6-6 رۆژی شەیتان بوو!

پەیڕەوانی ئایینی کریستیان (مەسیحی) لەو باوەڕەدان کە هەر سەد ساڵ جارێك لەرۆژی 6-6-6 000 شەیتانەکان ئاهەنگ دەگێڕن، لەو رۆژەدا بەرنامەی خراپەکاری‌و توندو تیژی دژ بە مرۆڤ دادەڕێژن. لەکتێبی ئنجیلدا ژمارەی 666 ئاماژەیە بۆ ژمارەی شەیتانەکان، هەر بۆیە گروپە توندڕۆو دەمارگیرەکانی پەیڕەوانی ئایینی کریستیان رکیان لەو رۆژە دەبێتەوە، خۆیان لەو بەلایە بەدوور دەگرن. دەڵێن جۆرج دەبلیو بووش، سەرکۆماری ولاتە یەکگرتووەکانیش یەکێك لەو کەسانەیە کە رقی لەو رۆژە دەبێتەوەو پێیوایە کە رۆژێکی ترسناك‌و پڕ کارەساتە. ئەمساڵ زۆر کەس لەو رۆژەدا لەماڵەکانیان نەهاتنە دەرەوەو لەدڵەوە شەیتانیان جنێوباران دەکردو داوای کۆمەکیان لەخوا دەکرد کە بەرنامەی شەیتان سەرنەخات!..

هەواڵێکی سەرنجڕاکێش

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی تامیل نادۆ لەولاتی هیندستان لەفەرمانێکدا داشکاندنێکی جیهانی بۆ کرینی تەلەفزیۆنی ڕەنگی راگەیاندووە، بەنیازە زۆرترین ژمارەی تەلەفزیۆن بکڕێ‌و بەخۆڕایی بەسەر خێزانە هەژارەکانی ئەو هەرێمە دابەشی بکات. کارۆنانیدهی کە لەدواین هەڵبژاردندا سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، ئێستا سەرۆکوەزیرانی هەرێمەکەیە، دووپاتی کردۆتەوە کە بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ دەکات‌و تەلەفزیۆنی رەنگی 14 ئینج لەمانگی سێپتێمبەردا بەسەر خێزانە هەژارەکان دابەش دەکات.

سەرۆکوەزیرانی 83 ساڵە کە بەسەر هاوڕکی خۆی سەرکەوتنی مسۆگەر کردووە، لەکاتی هەڵمەتی راگەیاندنی هەڵبژاردندا بەڵێنی دابوو کە تەلەفزیۆنی رەنگی بەبنەماڵە هەژارەکان بدات‌و برنجیش بەنرخێکی هەرزان بەو بنەماڵانە بفرۆشێت. ئێستا بڕیاری داوە کە کیلۆی برنج بە 2 روپیە بەخێزانە هەژارەکان بفرۆشێت.

وەفایەك بۆ دایك

د. مونا حیلمی، کچی د. نەوال ئەلسەعداوی، پسپۆڕی دەروونناسی بەناوبانگی میسری، لەم دوایانەدا لەبریارێکی بوێرانەیدا رایگەیاند: کە ناوی (نەوال) بکاتە ناوی دووەمی خۆیی، ناوی باوکی (حیلمی) بکاتە ناوی سێیەمی خۆی، بەوجۆرە دەبێت بە (د.مونا نەوال حیلمی)، چونکە بەپێی بۆچوونی ئەو دایك لەپێشترە تا باوك لەمنداڵەوە، لەبەر ئەوەی دایکەکە منداڵەکەی بەتەنیا 9 مانگ بەسك هەڵدەگرێ‌و دوو ساڵ شیری دەدات‌و خزمەتی دەکات، ڕەنج‌و ئازارو شەونخونی لەگەڵدا دەکێشێ، بۆیە ڕەوایە کە منداڵ هەڵگری ناوی دایکی بێت لەپێشدا، ئەنجا ناوی باوکی.

سودەکانی زاخ

بەکارهێنانی زاخ بۆ چارەسەری زیپکەی دەم‌و چاو بەکار بهێنە. چۆنیەتی بەکارهێنانی(زاخ). لەپێشدا دەم‌وچاوت بشۆ، بەڵام وشکی مەکەرەوە، دوایی کلۆ زاخەکە چەند جارێك بیهێنە بەسەر زیپکەکاندا، تا وشك دەبێتەوە. رۆژی سێ جار دووپاتی بکەرەوە. هەروەها زاخ بۆ کەمکردنەوەی (ئیلتیهاب)ی قورگ بەکاربهێنە بەیانیان پێش نان خواردن کلۆیەك زاخ بخەرە پەرداخێك ئاو تا کەمێك لەگەڵ ئاوەکەدا ئاوێتە دەبێت لەپاشدا غەرغەرەی پێبکە، تا ئاستی، قورگت بۆ ماوەی 15 رۆژ بەردەوام ببە.

ئا/ مامۆستا شیلان

خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

* سکرتێری لایەنێك ئەوەندە تەلەفۆن بۆ بەرپرسی دەزگایەکی لایەنێکی گەورە دەکات‌و بێزاری دەکات. کاکی بەرپرس سێ جاران تەلەفۆنی لەڕوو دادەخات، بەڵام ئەو هەر واز ناهێنێ. کاتێ نائومێد دەبێ ئەوسا لەبەرچاوی برادەرانی خۆیدا باسی گەندەڵییەکانی دەکات‌و ریسوای دەکات.

* بەرپرسی بارەگای لایەنێك کە سەرپەرشتی رەگەزی مێینە دەکات، لەدواین رێنوێنی خۆیدا داوا دەکات تەنیا ئەو ئەندامانەی کە تەمەنیان لەنێوان (15–30) ساڵان دان سەردانی بارەگا بکەن ئەوانی دیکە با زەحمەت نەکێشن، لەماڵی خۆیان دابنیشن‌و بۆخۆمان مووچەیان بۆ ڕەوانە دەکەین.

* بەرپرسێك لەئاهەنگی کردنەوەی بارەگایەکی نوێ لەنێو گەڕەکێکی میللیدا بەدەنگی بەرز پەرۆشی خۆی بۆ بەرژەوەندی خەڵك راگەیاندو دەیگوت: لەپێناوی زیاتر خزمەتکردن بەگەل‌و نیشتیمان بڕیارماندا ئەم بارەگایەش بکەینەوە!.

*تێکۆشەرێکیدێرین بڕوانامەی ماجستێری لەیاسای نێودەوڵەتیدا هەیە، زۆر بەتووندی هەوڵی دەدا بەفەرمانبەر لەباڵیۆزخانەیەکی عێراق یان بەشی نووسینگەی هەرێمی کوردستان دابمەزرێ، چونکە ئەندامی دوو لایەنە دەستەلاتدارەکە نەبوو، وەرنەگیرا. بە ئاشکرا پێیان گوتبوو بەیەك ئیمزا دەتکەینە سکرتێری سەفیر، بەڵام بەم شێوەیە ناتکەین بە فەڕاشیش!.

تایبەتی

جەبار سابیر

تەعە

تەعە پێی وابوو کەپێڵاوی تازەی کڕی‌و لەپێیکرد ئیتر لەڕاکردندا خێرادەبێت‌و کەس نایگرێتەوە، ئەو سادەو ساکار بیری دەکردەوەو دواجار بەو سادەو ساکارییەی خۆیشی گەیشتە ئەوروپا، بەڵام دواتر لەوێ تێگەیشت کەئینسان هەر چییەك بکات هەر لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوەو دواجار مەرگ دەیباتەوە. تەعە نمونەی کۆمەڵگە شێواوەکەی خۆیبوو ئەو کۆمەڵگەیەی لەوەختی روخانی سەدامدا پێیوابوو ئیتر دنیا دەبێتە (شامی کاپوور) ببورە شامی شەریف‌و کورد لەبری دەوڵەتێك حەوتی بۆ دروستدەبێت. بەڵام ئێستا کۆمەڵگەی کوردیش وەك تەعە تێگەیشتووە نەك هەر دەوڵەت دیارنییە بەڵکو بارودۆخمان لەجاران گەلێك خراپترەو پێمواپە پێمواپە جاران خەڵك باشتر دەژیا ، لەچیمان کەمبوو ئەو نەوتی دەناردو ئەمان دەیاندزی‌و ئەو خۆراکی بایعەکەی دەناردو ئەمان دەیاندزی، ئەوان غازیان دەنارد, ئەمان دەیانشاردەوە. سەدام دوژمنی خوێنەخۆری کوردو بەشەرییەت بوو بەگشتی، بۆیە زوڵمەکەی ئەو بزووتنی تێدادروست دەکردی‌و هانی دەدای کەوەك شاخ بەنیشتمانەکەتەوە بنوسێی‌و هەرگیز نەتوانی جێی بێڵی، بەڵام زوڵمەکەی ئێستا هەم بزووتنت تێدادەکوژێت هەم وات لێدەکات دوای قسەکەی ماغۆتی رەحمەتی کەویت کەدەیوت تەنیا پێڵاوەکانم بەنیشتمانمەوە دەبەستێتەوە.

وەك بینیمان ئەوەی لەیەك مانگی دەستەڵاتی شەڕی براکوژیدا وڵاتی بەجێدەهێشت‌و نیشتمانەکەی دەکردە جانتایەکەوەو هەتا دەیتوانی رایدەکرد نەلەئاوی ئیجە دەترسا نەلەڕەقبونەوەی ناو بەفری سنورەکان، هێندەی هەموو ئەو کەسانەیە کەلەماوەی دەسەڵاتی ڕەش‌و داپڵۆسێنەری بەعسدا ئەم وڵاتەیان جێهێشتووە. شەڕی ناوخۆ ژیانی لەخەڵك هەراسانکردبوو بۆیە تەعەو هەزارانی وەکو ئەو ئەم وڵاتەیان کردە عەلاگەیەکی دەبڵەوەو سەری خۆیان هەڵگرت‌و هەیانە لەوێ ناوی منالەکەیشی بەکوردی نەناوە. لەئێستاشدا رەوێکی تری لەسەرخۆ لەداخی گرانی‌و بێسەرو بەری ئەم وڵاتەو نەبوونی خانوو شوێنی نیشتەجێبوون دەستی پێکردۆتەوەو وا بڕوات لەوانەیە ئەو بەرپرسانەش کە لەدەرەوە هاتوونەتەوە بڕۆنەوە چونکە ئیتر کەس نابێت حوکمی بکەن‌و سووتەمەنی بەگران پێبفرۆشنەوەو لەژێر باری زۆرداری‌و کەڵەگایی خۆیاندا بیچەوسێننەوەو خۆیانی بەسەردا رابدەن.

کۆمەڵگە نییە لەدنیادا هێندەی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە خاوبێت، هەموو ئەمەش حکومەتی کوردی وایکردووە، ئاخر حکومەتێك بەتەنگ ژیانی خەڵکەوە نەیات‌و ژیانێکی شایستە بۆ ئینسان دابین نەکات هەڵبەت کۆمەڵگە بەم جۆرە خاودەبێتەوە. حکومەتێك حکومەتێك لێهاتوویی نەکاتە پێوانە بۆ پۆستی وەزیری ، حاڵی لەمە باشتر نابێت، پازدە ساڵە حکومەتمان هەیەو تائێستا یەك وەزیرو بەرپرس لەسەر دزی‌و گەندەڵی دادگایی نەکراون‌و لەپۆستەکانیان رووتنەکراونەوە، تۆبڵێی دزی‌و گەندەڵی لەم حکومەتەدا نەبێت.؟ هەڵبەت ئەوە پرسیارێکی زۆر گێلانەیەو هەردوو سەرکردەکەش باشیدەزانن، ئیتر نازانم خۆیان بێئاگا دەکەن یاخود پێیانوایە ئەگەر ئەوان بگۆڕدرێن ئیتر کەسیتریان دەست ناکەوێت کاریان بۆ بکات